# بودجەی ساڵانەی عێراق؛ کورتهێنان یان سەرڕێژی پارە لە 2024

04-06-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەردەوامیدان بە کورتهێنان وەکو ئەوەی ساڵی رابردوو لە ئێستا و داهاتووشدا مەترسیی گەورە دەخاتە بەردەم عێراق، هەرچەندە عێراق ئەوەی ساڵانە دەستی دەکەوێت بە پلان و بێ پلان خەرجی دەکات، چونکە داتاکان دەریدەخەن ئەوە بودجەی پەرلەمان و خەرجی و داهاتی دەوڵەت نەبووە ئاڕاستەی ئابووری وڵاتی لە دوو دەیەی رابردوودا دیاریکردووە، بەڵکو نرخی نەوت بووە

## بەرایی

واپێدەچێت عێراق نیوەی یەکەمی ئەمساڵیش بەبێ بودجەی پەسەندکراو بەڕێ بکات، هەڵبەت چاوەڕواندەکرێت رۆژی 3ـی حوزەیرانی 2024 کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی داهاتەکان و دابەشکردنی خەرجییەکان دەستپێبکات. ساڵ بە ساڵ جیاوازیی نێوان خەرجی و داهاتەکان لە عێراق رووی لە هەڵکشان و داکشان بووە، بەشێوەیەک لە 2003ـدا کورتهێنان نەبووە، بەڵکو سەررێژیی داهات بەسەر خەرجییەکان 11.1 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لە 2013ـدا کورتهێنان گەیشتووەتە 5.3 تریلیۆن دینار و ساڵی رابردووشدا 6.7 تریلیۆن دیناری تێپەڕاندووە. ئەمساڵیش بەپێی خشتەی بودجەی 2024 وادانراوە بگاتە 64 تریلیۆن دینار.

بودجەی ساڵانە بریتییە لە کۆکردنەوەی داهات و دابەشکردنەوەی بەسەر خەرجییەکاندا. بنەمای سەرەکیش لە دانانی بودجە، راگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان داهات و خەرجییەکان، بەهەموو شێوەیەک زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەڵام لە عێراق ئەمە پێچەوانەوە بووە. بۆ نموونە لەماوەی دوو دەیەی رابردوو، خەرجییەکان 29 هێندە زیادیانکردووە، لە بەرامبەردا داهاتەکانیش تەنیا 8 هێندە و نیو زیادیانکردووە.

بەپێی خشتەی داتاکانی یاسای بودجەی 2024، کۆی خەرجییەکانی ئەمساڵ بە 211.8 تریلیۆن دینار و کۆی داهاتەکانیش بە 147.8 تریلیۆن دینار دانراوە، بەمشێوەیەش کورتهێنان لەمساڵدا 10 هێندەی ساڵی رابردوو دەبێت. زیادبوونی خەرجییەکان و پشتبەستنی عێراق بە داهاتی نەوت ئابوورییەکی بەرخۆری بێ هاوتای بنیاتناوە کە لەماوەی دوو دەیەدا، خەرجیی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت لەوەدا لە 2.1 تریلیۆن دینارەوە گەیشتووەتە 47.2 تریلیۆن دینار. مانەوەی ئەم بەرخۆرییەش پەیوەستە بە نرخی نەوتەوە نەوەکو هێزی کار و ئاستی بەرهەمهێنانی فەرمانبەرانەوە.


لێرەدا بە پشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی و یاسای بودجەی ساڵانە، هەڵوەستەیەک لەسەر دیوە جیاوازەکانی بودجە دەکەین کە داهات و خەرجییەکان لەخۆدەگرێت، لە یەکەمین بەشی ئەم زنجیرە گوتارەدا هەڵوەستە لەسەر کورتهێنان یان سەررێژیی بودجە دەکەین. دووەمین بەش لەسەر دابەشبوونی خەرجییەکان بەسەر سێکتەرە جیاوازەکان و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق بەدوای ئەوە دەبین؛ لە دوو دەیەی رابردوودا عێراق پارەی بۆ چی خەرج کردووە و چەندی بۆ هەرێمی کوردستان بووە؟ سێیەمین و دوایین بەشیش لەسەر کۆکردنەوەی داهات و مەترسییەکانی رێژەی بەرزی پشتبەستنە بە داهاتی نەوت و جیاوازی ژمارەکانی نێو بودجە و راپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی، کە وەک داهات بۆی دەگەڕێتەوە و رەزامەندی لەسەر خەرجکردنی داوە، چونکە ئەوەی پەرلەمان وەک یاسای بودجە دەریدەکات و ئەوەی وەزارەتی دارایی جێبەجێیدەکات، جیاوازییان زۆرە.

## مەترسییەکانی ناهاوسەنگیی هەڵکشانی خەرجییەکان بەرامبەر داهاتەکان لە عێراق

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا ناهاوسەنگییەکی گەورە لە زیادبوونی کۆی خەرجییەکان بەرامبەر بە داهات هەیە. بەشێوەیەک خەرجییەکان سێ هێندەی داهاتەکان زیادیانکردووە. بۆ نموونە بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق، کۆی خەرجییەکان لە 2003ـدا تەنیا 4.6 تریلیۆن و لە 2013ـدا 119.1 تریلیۆن و لەساڵی 2023ـدا گەیشتووەتە سەروو 142.4 تریلیۆن دینار، واتە لە دەیەی یەکەمدا خەرجییەکان 24 هێندە و لە دەیەی دووەمدا 29 هێندە لە بەراورد بە ساڵی 2003 زیادیان کردووە. بەدیوەکەی دیکەدا، لەو ماوەیەدا لەڕووی داهاتەوە لە 2003ـدا 16 تریلیۆن دینار و لە 2013دا 113.8 تریلیۆن دینار و لە 2023دا 135.7 تریلیۆن دینار بووە، بەمشێوەیەش داهاتەکان لەماوەی دەیەی یەکەمدا 6 هێندە و لەماوەی دوو دەیەدا 8 هێندە زیادیکردووە.

لەماوەی ئەو دوو دەیەدا ئەوەی وایکردووە زیادبوونی سێ هێندەیی خەرجییەکان بەسەر داهاتەکان دەرنەکەوێت، بەردەوامیی سەررێژی داهاتی ساڵانە بووە بەتایبەت بەهۆی بەرزیی نرخی نەوتەوە. بەشێوەیەک کە لەماوەی دوو دەیەدا تەنیا 4 ساڵ خەرجییەکان زیاتر بوونلە داهاتی بەدەستهاتوو کە ئەوانیش ساڵانی دەرکەوتنی داعش و بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و ساڵی رابردوو بووە، وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

گرافیک 1: داهات و خەرجییەکانی عێراق لە 2003-2023



لەماوەی پێنج خولی رابردوودا، پەرلەمانی عێراق نەیتوانیوە هاوسەنگی بۆ بودجەی ساڵانە بگەڕێنێتەوە، بەشێوەیەک لەو ماوەیەدا بەردەوام خەرجییەکانی زیاتر کردووە و داهاتەکانیشی بەستووەتەوە بە بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و نرخی نەوتەوە.


زیادبوونی خەرجییەکان و بەتایبەتیش خەرجیی بەگەڕخستن، کە ڕێژەی سەرووی 80%ـی خەرجییەکان پێکدەهێنێت لە عێراق، سێ لێکەوتەی سەرەکیی دەبێت، وەک زیادبوونی قەرزی دەوڵەت لەسەر نەوەی داهاتوو، سستبوون یان لاوازبوونی گەشەی ئابووری و هاتنەئارای قەیرانی داراییەوە.

لەڕاستیدا نیوەی ئەو زیادبوونەی خەرجیی بەگەڕخستنیش بۆ مووچە ڕۆیشتووە، بۆ نموونە لە 2023ـدا لە کۆی 118.2 تریلیۆن دینار، سەروو 47.2 تریلیۆن دینار بۆ مووچە بووە، کە ئەمەش نەک مەترسی بۆ داهاتووی وڵاتەکە لەڕووی هێزی کارەوە دروستدەکات، بەڵکو دەوڵەتەکەش بەرەو کەوتن و قوڵبوونەوەی گەندەڵی دەبات.

لەماوەکانی رابردوودا، بەڕوونی لە عێراق سێیەمیان دەرکەوت کە نەمانی پارەی کاش بوو بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا، بانکی ناوەندیی عێراق پارەی چاپکراوی لە 6.1 تریلیۆن دینارەوە گەیاندووەتەوە 99.3 تریلیۆن دینار (2004-2024)، بەڵام ڕێژەی سەرووی 90%ـی ئەم پارەیەش لە دەرەوەی بانکەکانە کە ساڵ بە ساڵ لەگەڵ زیادبوونی پارەی چاپکراو، بڕەکەی لە 5.2 تریلیۆن دینارەوە گەیشتووەتە 90 تریلیۆن دینار، ئەمەش ئاماژەیەکی روون لە مەترسیی بەکارهێنانی کاش و نەگەڕانەوەی سەرمایەی دەوڵەت بۆ دووبارە بەگەڕخستن نیشاندەدات.

هەروەها، لەڕووەکەی دیکەشەوە زیادبوونی داهات و دابەشنەکردنەوەی یان خەرجنەکردنی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە وڵات، توانای دەوڵەتەکە لە بەڕێوەبردنی سامانی وڵات نیشان دەدات، چونکە بودجە ماوەکەی دیاریکراوە و ئەوەی بەدەستهاتووە ڕەنگە بەهاکەی لە داهاتوودا بگۆڕدرێت.

گرافیک: جیاوازییەکانی خەرجی و داهاتەکان لەماوەی 2023-2003 (سەررێژ یان کورتهێنان)




سەرچاوە: وەزارەتی دارایی عێراق و بانکی ناوەندی عێراق.

## کۆتایی

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا ژمارەکانی نیو بودجەی عێراق دەریدەخات کەوا ناهاوسەنگییەکی گەورە لە خەرجی و داهاتەکان هەبووە و بەگوێرەی پلاندان یاخود یاساکانی پەرلەمان نەبووە، هەربۆیەش لەساڵێکدا 44 تریلیۆن دینار سەررێژ و لەساڵی دواتردا 6.8 تریلیۆن دینار کورتهێنان هەبێت.

لەماوەی دوو دەیەدا خەرجییەکان سێ هێندەی  داهاتەکان زیادیکردووە، سەرچاوەی داهاتەکان کەمتر و دابەشبوونی خەرجییەکان زیاتر بووە، کە ئەمەش لە دوو دەیەی رابردوودا بەڕوونی دەردەکەوێت. وەک لە خشتەکانی پرۆژەیاسای بودجەی 2024دا بۆ پەرلەمان بەڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک سەرچاوەکانی داهات تەنیا 8 و شوێنەکانی دابینکردنی خەرجی بۆیان دەگاتە 135 دامەزراوە و دەزگای سەر بە دەوڵەت، کە زۆربەیان خەرجی مووچەیە.

رەنگە عێراق بتوانێت لەماوەی کورتخایەندا ئیدارەی کورتهێنان بە قەرزی دەرەکی یان رێککەوتنی هاوشێوەی ئەوەی چین پڕبکاتەوە، وەکو لە یاسای 2024دا هاتووە؛ 1 لەسەر 3ـی قەرزەکانی لەو رێککەوتنەوە پڕبکاتەوە کە لەگەڵ چین هەیەتی، بەڵام ئەوەی ناتوانێت بەردەوامیی پێبدات، دابینکردنی نزیکەی 50 تریلیۆن دینارە بۆ مووچە، ئەگەر نرخی نەوت لەسەروو 50 دۆلارەوە بۆ هەر بەرمیلێک نەبێت.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا، رەنگە کورتهێنان نەگاتە ئەو برەی لە خشتەی بودجەی 2024 دانراوە کە سەروو 64 تریلیۆن دینارە، بەڵام بەردەوامیدان بە کورتهێنان وەکو ئەوەی ساڵی رابردوو لە ئێستا و داهاتووشدا مەترسیی گەورە دەخاتە بەردەم عێراق، هەرچەندە عێراق ئەوەی ساڵانە دەستی دەکەوێت بە پلان و بێ پلان خەرجی دەکات، چونکە داتاکان دەریدەخەن ئەوە بودجەی پەرلەمان و خەرجی و داهاتی دەوڵەت نەبووە ئاڕاستەی ئابووری وڵاتی لە دوو دەیەی رابردوودا دیاریکردووە، بەڵکو نرخی نەوت بووە، کە بەردەوام حکومەت و پەرلەمانی عێراق خەمڵاندنیان بۆ کردووە. هەربۆیەش سەررێژ یان کورتهێنان لە بودجەی ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوو پەیوەستە بە نرخی نەوت و ئەو هۆکارانەی کار لەسەر نرخی نەوت دەکەن. باشترین نموونەش ساڵی شەڕی دژی داعش و  بڵاوبوونەوەی کۆرۆنایە کە پەنا بۆ یەدەگی وڵات برا بۆ دابەشکردنی مووچە.

**سەرچاوەکان**


*Supper admin panel* (no date) *Central Bank Of Iraq*. Available at: https://www.cbiraq.org/SeriesChartBig.aspx?isVir=0 (Accessed: 02 June 2024)).

*وزارة المالية, جمهورية العراق*. Retrieved May 30, 2024, from https://mof.gov.iq/pages/MOFPublicReports.aspx

*وزارة المالية, جمهورية العراق*. Retrieved May 30, 2024, from https://mof.gov.iq/pages/MOFPublicReports.aspx